کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 15:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەکی کراوە بۆ تاڤگە سابیر ... هێلین

خانمی هێژا سەرەتا زۆر دەست خۆشیت لێ ئەکەم بۆ ئەوەی وەک ژنێک و بەبێترسەوە ڕووبەڕووی پیاوان هەستاویت و بیر و بۆچونی خۆت دەنوسیت بەرامبەر بەو کلتورە پیاوسالاری ئیسلامیە دواکەوتووە.

بەرێزم نامەوێت کە بەنوسینی ئەم چەند دێرە خوا نەخواستە هەستی کچێکی هەست ناسەک بشکێنم، بەڵکو پێم خۆشە بتوانیت لە داهاتوودا بەسەر خۆتدا بچیتەوە و ئەو هەڵانەی کە بۆ کۆپی کردنی نوسەرانی دیکەت کردوە دووپاتی نەکەیتەوە و یان ئەگەریش نوسینی کەسانێکت بەلاوە جوانە و پێت خۆشە لە ناو نوسینەکانتدا جێگای بکەیتەوە، تکایە ئاماژە بە سەرچاوەکەیشی بکە، چون باوەڕەت هەبێت ئێمە وەک خوێندەوار دەتوانین بزانین ئەو دێرانە لە کوێ وە وەرگیراوە!!!!!!

ئەگەریش حاشا دەکەیت لەو نوسینانەی کە کۆپیتان کردووە و بە ناوی خۆتان بڵاوتان کردوەتەوە، دەتوانم ناوی ئەو چەند نوسەرەت بۆ بەبیر بهێنمەوە کە جەنابتان بە ناوی خۆتانەوە چ لە ئینتەرنێت و چ لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاوتان کردەوە، ، خۆ ئەگەر دوو نوسەر وەک یەک لە بابەتێکدا بیر و بووچونیان یەک بگرێت ئاساییە، بەڵام لە نوسین و لە داڕشتنی دێرەکان مەگەر کاری حەزرەتی فیل بێت کە وەک یەک وشەکان بەکاربهێنرێت و هەتا وەکو نوکتەکان و کۆماکانیش لە یەک بچن.

لە بەر ئەوەی دەزانم وەڵامێک هەر وەک چۆن وەڵامی خانمێکی هێژا وەک مهاباد قەرەداخیت دایەوە کە گوایە تۆ ناناسێت بۆیە ئیهانەی تۆ دەکات. با بڵێین وایە ئەو خانمە ئیهانەی تۆی کردوە، بەڵام بۆ ئەم نوسینانەی دیکە چیترت ئامادە کردوە؟

1. نوسینی خانمێکی هێژاو گیانبەخت کە بەساڵانە لە ڕیزی شۆڕشگەرانی باکوری کوردستان خەباتی کردوە و بە ناوی نەجیبە قرەداخی کە هەموو ژیانی خۆی لە ناو سیاسەتدا گوزەرانە و هەموو ڕۆژ خەبەری تەواوی دونیا بەتایبەت لە سەر ژنان و بارۆدۆخی ژنان لە کوردستانەوە بە گوێی ئێمە دەگەیەنێت، بە ناوی خۆت لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوەت کردۆتەوە. نەجیبە قەرەداخی نوسینێکی لە "سەر تەقینەوی پەرەمێز" لە سایتی ڕۆژهەڵات و سایتی پ. چ. د. ک بڵاو کردوەتەوە و جەنابتانیش هەر هەمان وتارتان بە ناوی خۆتان لە ڕۆژنامەی ئەگەر درۆم نەکردبێت جەماوەر بە وێنەی خۆتەوە لە ژێر ناوی تاڤگە سابیر ئەندامی پارلمان، بڵاوت کردوە.

2. نوسینێکتان لە سایتی زێوەر بڵاو کردەوە کە سەر چاوەی ئەو نوسینەتان لە نوسینی خانمێک بە ناوی سیمین. ن کە لە ژێر ناوی "هیوا خنکاوەکان" نوسیبووی، بە ناوی خۆتان کۆپیتان کردبوو وە بڵاوتان کردەوە، ،

3. هەر لە سایتی ڕۆژهەڵات و سایتی کوردستاننێت و چەند سایتێکی دیکە نوسینی خانمێکی دیکەت بەناوی تابان ڕۆژهەڵاتی کۆپی کردبوو کە بۆ کچی کوردی شەهید کراو لە ژێر ناوی" کچی شیرینم دۆعا "نوسیبووی، کۆپیت کرد و بە ناوی خۆت بڵاوت کردەوە..

4. وە لە کۆتاییدا ئەو تێبینیەیی مهاباد قەرەداخیش.

5. هتد ... ... ... ... ... ... ... ...

تێبینی:

لە سەر بەردباران کردنی کچە کوردی ئەزیدی کە لە سایتێکی سویدی بە وێنەی خۆتانەوە بڵاوتان کردەوە، ، دەڵێی کە 3 ساڵ پێش لە ئێستا تۆ گەڕابویتەوە بۆ کوردستان و ئەو کچەت ناردووە بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 15:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شوێنێک کە تۆ داتمەرزاندوو لە کوردستان بە ناوی ماڵی خانزاد. بەڵام مرۆڤ دەبێت ویژدانی هەبێت ئەو کچە تەمەنی 17 ساڵان بوو کە ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە کە دڵی هەموو مرۆڤایەتی لەرزاند و لە بەر چاوی کامێراکاندا ئەتک کرا، و ئەگەر 3 ساڵ لەو ڕۆژەوە کە جەنابتان گەرانەوە بۆ کوردستان کەم بکەینەوە، دەبێت بە 14 ساڵ!!!!

تۆ بڵێیت ئەو کچە هەر لە 14 ساڵی خۆیەوە خولیای ئەڤین بوبێت؟ کەواتە ئەو قەسەی جەنابتان هەر لە ڕاستیدا دوورە، چوون من ڕوون کردنەوەیەکم هەیە سەبارەت بە ئێوە، ئێوە تا بەئیستا ناوچەی ئەیزیدیەکانیشت نەبینیوە و هەرگیزیش بە زاراوای ئەوانیش قسەت نەکردووە و کرمانجی سەرویش هەرگیز تێناگەیت، و هەروەها ئەگەریش جەنابتان کە ئەڵێیت تۆ ئەو کچەت ناردووتە ئەو شوێنە تا چاودێری لێ بکەن، ئەی بۆ کۆششت بۆ نەکرد تا بیهێنیتە دەرەوەی وڵات کە تۆ لە ناو پارلمانی سوید ئەندام بویت، کەواتە تۆ یەکم تاوانباریت لە کوشتنی دوعا... لە بەر ئەوەی بە قسەی خۆت ئاگاداری کێشەی ئەو کچە بویت و هیچت بۆ نەکرد...

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ژنێکی ئازادی خواز و بەتایبەت جەنابتان دەکەم. ئەویش ئیمایلی من بۆ پەیوەندی گرتن: jinykurd@yahoo. com

هێلین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.